# چارتێری مشتەری

scottish refugee council

Client Charter Kurdish Sorani

October 2011

ئەنجومەنی کۆچبەری سکۆتلەند، دامەزراوەیەکی خێرخوازە کە لە سکۆتلەندا راوێژکاریی عادڵانە، یارمەتی و رێنوێنی پێشکەشی پەناخوازەکان و پەنابەران دەکات.

**مافەکانی ئێوە بە شرۆڤەی خوارەوەیە:**

HAPPY TO TRANSLATE

1 وەرگرتنی خزمەتگوزاری بەخۆڕایی و دڵنیا؛

2 بەکارهێنانی خزمەتگوزاریەکانی هێڵی راوێژکاریی لە رێگای تەلەفۆنی بەخۆراییەوە؛

3 وەرگرتنی راوێژکاریی و زانیاریی عادڵانە؛

4 وەرگرتنی زانیاریی لەسەر گۆڕانکاریەکان لە سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا و سکۆتلەندا؛

5 بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی وەرگێڕانی زمان ئەگەر پێویست بێت؛

6 داواکاریی بۆ فەرمانبەرێکی دۆسیەی ژن یان پیاو کە ئێمە تێدەکۆشین ئەم داواکاریە جێبەجێ بکەین؛

7 سکاڵا کردن لە کاتی لەبەرچاو نەگرتنی ستانداردەکانی خزمەتگوزاری لەلایەن ئێمەوە.

**خزمەتگوزاریەکانی ئێمە سنووردارە:**

1 لە رۆژانی دووشەممە، سێشەممە، پێنج شەممە و هەینی ئێمە خزمەتگوزاریی لە دەرەوەی نۆرە لە کاتژمێری 12:30 – 9:30 پێشکەش دەکەین بەڵام خزمەتگوزاریەکان لە پاش نیوەڕۆی رۆژانی دووشەممە، سێشەممە، پێنج شەممە و هەینی لە کاتژمێری 16:00 – 14:00 تەنیا لە رێگای دیاریکردنی کات لە پێشدا جێبەجێ دەکرێت

2 بۆمان ناکرێت لە منداڵی ئێوە چاودێری بکەین.

3 بۆمان ناکرێت لە ماڵدا چاوپێکەوتن جێبەجێ بکەین.

4 ئێمە دەتوانین بژاردەی جۆراوجۆر بۆ ئێوە پێشنیار بکەین بەڵام بۆمان ناکرێت بە کردەوە ئەوانە جێبەجێ بکەین. ئەرکی ئێمە، یارمەتی بۆ جێبەجی کردنی کارەکان لەلایەن خۆتانەوەیە.

**هەموو فەرمانبەرانی دۆسیەی ئەنجومەنی کۆچبەری سکۆتلەند:**

1 لە سەر کاتدا کار جێبەجێ دەکەن – ئەگەر کارێک بە دواکەوێت، سەبارەت بەو بابەتە ئێوە ئاگادار دەکرێنەوە؛ هەرچەند رەنگە نەکرێت بە هۆی نهێنی بوونی دیکەی دۆسیەکانەوە، هۆی ئەو بەدواکەوتنە پێشکەش کرێت.

2 وەڵامی پەیوەندیە تەلەفۆنیەکان لە ماوەی 24 کاتژمێردا پێشکەش دەکەن (جگە لە پشوودانی کۆتایی حەوتە و پشوودانی فەرمی)؛ و

3 ئەگەر بەتاڵ کردنەوەی گرێبەستێکی رێککراو پێویست بێت، بۆ کاتی دیاریکراوی دواتر لە زووترین کاتێکدا کە بکرێت بەرنامە دادەڕێژن.

**ئەگەر لە خزمەتگوزاریەکانی ئێمە ناڕازین:**

4 لەگەڵ راوێژکاریی خۆتان قسە بکەن و بابەتەکە لەگەڵ ئەو بهێننە ئاراوە

5 ئەگەر ویستتان، کێشەکانی خۆتان لەگەڵ یەکێ لە کارگێڕانی باڵای ئێمە بهێننە گۆڕێ

**ئەگەر دیسان هەر ناڕازین:**

داواکاری کەڵک وەرگرتن لە رەوتی سکاڵا پێشکەش بکەن. هەروەها ئێوە دەتوانن سکاڵای خۆتان پێشکەشی نووسینگەی کۆمیسیۆنەری کۆچبەریی (OISC) (Office of the Immigration Commissioner) بکەن: http://www.oisc.gov.uk/

Scottish Refugee Council, 5 Cadogan Square, (170 Blythswood Court), Glasgow G2 7PH Tel: 0141 248 9799, Fax: 0141 243 2499,
www.scottishrefugeecouncil.org.uk
ئەنجومەنی پەنابەری سکۆتلەند، دامەزراوەیەکی خێرخوازە کە لە سکۆتلەندا تۆمار کراوە.
دامەزراوەی خێرخوازی تۆمارکراو: SC008639